


# ئاشنای شێوازەکانی سووراو و قەڵەمی لێو بە

سوراو و بۆیەی لێو، لەو ئامرازە سەرەکییەکانەن کە جوانی لێوانت بە رەنگ و ستایلێکی جوانتر دەخەنە بەرچاوی هەموان، هەندێ لە خانمان ماکیاژێکی رازاوە بۆ رووخساریان دەکەن، کەچی بەهۆی بەکارهێنانی کەرەستەکانی قەڵەمی سووراوی لێو، رەنگە شێوازی لێویان ئەوەندە بە جوانی دەرنەکەوێ، بەم چەشنەش ماکیاژەکەشیان شێواو و تێکدەچێ. جاران سووراوی لێو بچووك بوون، ئیدی بە جوانی نەدەکەوتنە نێو دەست و پەنجەکانی خانمان تا لێوانیان بە جوانی سوور و رەنگ بکەن، بەڵام ئێستا زۆربەی کۆمپانیاکانی دروستکردنی سووراو، کەرەستەی لێدانی رەنگی لێو لە شێوەی قەڵەمێکی گەورە بەرهەم دەهێنن، تا ئافرەتان بتوانن بە جوانی بیگرن و سووراوەکەیان پێی بکەن. لێرەوە ئاشنای باشترین ئەو سووراو و قەڵەمانەی لێو بن: قەڵەمی تویست - Sisley Phyto Lip Twist کە ئەو جۆرە قەڵەمەیە، پێویستی بە هێلکاری لێو نییە، ئەو کارەش خۆی دەیکات لەو کاتەی کە سووراوەکە بەکاردەهێنیت، قەڵەمی ماك - MAC Patent Polish Lip Pencil ئەوەشیان هەم کاری رەنگ کردنی لێو و بە بریقەکردنی دەکات، قەڵەمی نارس - NARS Satin Lip Pencil ئەو جۆرەیە کە نەرم و نیانە، بۆ ئەو کەسانەیە کە لێویان وشکە و پێستی لێویان ناسکە، قەڵەمی ستیك - Bobbi Brown Art Stickچەندین ریگەی بەکارهێنانی هەیە لەوانە: کرێمی نەرمکردنەوە و پاککردنەوەی لەگەڵ خۆیەتی، بۆ ماوەیەکی زۆر لێو بە تەڕی دەهێڵێتەوە.



# تۆقە و ئێکسسوارەکانی بەستنی پرچ

لوتکەی جوانی ئێکسسوار لەوەدایە کە لە رەنگ و شێوازێکی جوان دروست کرابێت، جگە لەوەش کاتێك ئەو ئێکسسوارە لە هەر بەشێکی جەستەت دەبێ، ئیدی جوانی بەو لایەنەوە دەدات و زیاتر شیکی دەکات. زۆربەی خانمان ئاڵوودەی بەخۆوەکردنی ئێکسسوارەکانن، ئەگەرچی جوانیی ئێکسسوار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێ، بەڵام چەشنێکی کەرەستەکانن دەتوانرێت لەگەڵ هەر بەشێکی جەستە بەکاربهێنرێت. لە وەرزی پێشوودا جوانی ئێکسسوارەکان ئەوەندە گرنگ نەبوون، چونکە بەدەر نەدەکەوتن، لە وەرزی بەهاردا کە مۆدی جلی تەنك و کورت و سادە دێنە کایەوە، بەم چەشنە ئێکسسوارەکان بەرچاو دەکەون و باو دەبنەوە. یەکێك لە سەرەکیترین ئەو ئێکسسوارانەی لەم کاتەدا دیارن، تۆقە و ئێکسسوارەکانی قژ بەستنە. شێوازی ئەو تەوقە و پرچ بەستنانەی لە وەرزی بەهاردا دێنە کایەوە، لە شێوەی باڵندە و گوڵ چێ دەکرێن، وەکو ئەو مۆدانەی کە لەلایەن مارەکە بەناوبانگەکانی جیهانی وەك: ڤالینتینۆ — Valentino، رالف ئەند رۆسۆ - Ralph&Russo، ئاماژەیان بەو نەخش و دیزاینە سەرنجڕاکێشانەی تۆقە و بەستنی پرچ کردووە، زۆربەیان لە شێوازە کۆن و کلاسیکەکە دەرچوون بەرەو تازەگەری لە مۆدەکانیان ڕێگەیان گرتووە.



# مۆدی کراسی بووکان لە وەرزی بەهاردا

لە سەرەتای هەر وەرزێکی تازەدا، چەندین گۆڕانکاری بەسەر شێواز و ڕەنگ و ستایلی جل و ئێکسسوار و کەرەستەکانی خانمادا دێ، ئەو هەنگاوانەش بۆ بەدیهێنانی ئامانج و خواستی ئافرەتانە تا لەگەڵ تازەترین مۆدەکاندا دڵخۆش بن، لە وەرزی بەهاری ئەمساڵیش خانمانی کورد زیاتر بایەخ بە جلی کوردی دەدەن، بەتایبەت بۆ ڕۆژانی گەشت و سەیراندا، بەڵام بۆ ئەوانەی لەو وەرزەدا نیازی ئاهەنگی هاوسەرییان هەیە، چەندین شێوازی جلی بووك لەلایەن دیزاینەرانی تایبەتمەندەوە ئامادەکراون کە ئەوانەی خوارەوەن:

- کراسی بووکی (لویلیەر - MoniqueLhuillier)، بە شێوازێك کراوە کە لە بەشی سەرەوە فراوانە و لە خوارەوەش تەسك دەبێتەوە، زیاتر بۆ ئەوانەیە کە کێشیان زۆرە.

- کراسی بووکی (هێریرا- Carolina Herrera)، ئەو جۆرە کراسە لە شێوەدا سادەیە و بە قەد و لۆچ دەوڵەمەندە، لەسەر جەستەدا تەسك دەوەستێت و لەسەر دیزاینی حۆری دەریاوە ئامادەکراوە.

- کراسی بووکی (تافتا – Taftta)، مۆدێکی ناسك و سادەیە، لە بەشی سینگ و بەرۆکدا داپۆشراوە و لە بەشی خوارەوەش لە دواتەوە دەخشێ و بەشێکی دەکەوێتە سەر زەوی، لە دیزاینی جل و بەرگی شاژن و کچە شازادەکاندا وەرگیراوە.

- کراسی (بووکی توول – Tulle)، ئەوانەی حەز بە بووکێکی سەنگین و گران لە کەسایەتیدا دەکەن، دەتوانن کراسێکی بووکی لە توول هەڵبژێرن، کە زۆربەی بەشەکانی سەرەوە و خوارەوەی لە توول نەخشێنراوە، نەخشەکانیشی لە زیو و وردە ئێکسسوار چێ کراوە.

# داهاتووی ژیانی مرۆڤ ئامێر و ڕۆبۆتە!




زانایان و پسپۆڕانی تەکنەلۆژیا دەڵێن: داهاتووی ژیانی مرۆڤ پابەند دەبێ بە ئامێر و ڕۆبۆتەکان، کە کار و باری مرۆڤ ئاسان دەکەن، یارمەتیدەری سەرەکیی هەر تاکێك دەبن، بەڵام تا ئێستا ناتوانن ئەوەندە پابەند بن بەو ئامێرە، ترسی ئەوەیان هەیە کە ڕۆبۆت و ئامێرەکان نەتوانن کارەکان بەپێی پێویست ئەنجام بدەن. زۆر جار لە فیلمە کۆنەکانی کاراتی و کۆنگ فۆی چینی و ژاپۆنی ئەو دیمەنە دەبینین کە کەسێك عەرەبانەیەك ڕادەکێشێت و کەسێکی دیکەش لە دواوە سەرکەوتووە، ئەوەش بە نەریتێکی کۆنی ئەو دوو وڵاتە دادەنرێت، هەر بۆیە لە ئێستاشدا نیازیان وایە ئەو



# فیستیڤاڵی شەڕە پرتەقاڵ!

لەوبەری جیهان خەڵك خەریکی چین و لەولاوەش شەڕی داعش و کێشەی دارایی و پارە هەیە، ئەوەتا ئیتاڵییەکان خۆیان لە خۆشی و شادی بێبەری ناکەن، لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا فیستیڤاڵە بە جۆش و نەریتەکەی خۆیان دەکەن، فیستیڤاڵی (شەڕە پرتەقاڵ)، یەکێکە لەو بۆنە تایبەتانەی کە ساڵانە لە وڵاتی ئیتاڵیادا بەڕێوە دەچێ و بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ بەردەوام دەبێت و هەرچی پرتەقاڵە لە سەر و چاو و بەرۆك و لەش و لاری یەکتر دەدەن، ئەمساڵیش لە شاری (ئیڤرا) ی ئیتاڵیا، کە ئەو بۆنەیە تەنیا لەو شارە بەڕێوە دەچێ و بە بەهێزترین شوێنی چاندن و بەرهەمهێنانی پرتەقاڵ بەناوبانگە، ساڵانە بە ملیۆنەها تەن پرتەقاڵ بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپی دەنێرێت، مێژووی ئەو فیستیڤاڵەش بۆ سەدەی (١٩)هەمین دەگەڕێتەوە، لەو کاتەی پرتەقاڵ زۆر دەبوو منداڵان یارییان پێدەکرد، دواتر کرایە فیستیڤاڵێکی تەنزئامێز و کات بەسەربردن لە نێوان گەشتیاران و خەڵکی ئەو وڵاتە، بۆ ئەمساڵیش نزیکەی (١٦) تەن پرتەقاڵیان بۆ شوێنی فیستیڤاڵەکە هێنابوو، مەبەستیشیان ئەوە بووە کە ساڵی (٢٠١٦)یە و دەبێ بەپێی ساڵەکە ئەوەندە تەن پرتەقاڵ بۆ شوێنی فیستیڤاڵەکە بهێنن.



کەلتوورەیان لە ناو نەبن، ئەگەرچی لە سەردەمی ئێستادا هیچ مرۆڤێك ڕەزامەند نییە عارەبانە رابکێشێت، بۆیە بیریان لە دانانی رۆبۆت کردۆتەوە تا ئەو کارە بکات، ئەو بیرۆکەیەش هی ئەندازیارێکی چینییە بە ناوی (هیو یۆلو) ی تەمەن (٤٨) ساڵ کە هەوڵی داوە ئەو نەریتە کۆنەیان لەناو نەچێ، بۆیە ئەو جۆرە رۆبۆتەی دروست کردووە کە تەنیا کاری راکێشانی عەرەبانەکانی ئەو کەسانەیە حەز بە سووڕانەوە بە کورسی و عەرەبانە گەڕۆکەکان دەکەن، تا ئێستاش (٣٠) نموونەی لەم جۆرە بە سەرکەوتوویی دروست کردووە و خەڵکیش داوای دەکەن.

## دایک و کچەکانی خاوەن درێژترین قژن



زۆربەی ئافرەتان حەز بە پرچی درێژ دەکەن، هەندێکیشیان بێزار و نیگەرانن لە درێژی قژیان کە لە کاتی شووشتن و گرنگی پێدانی پرچیان ماندوو دەبن. درێژی پرچ بەپێی پێکهاتەی جەستە و رەگی مووی ئەو کەسانەیە کە هەندێکیان پرچیان زۆر و زوو درێژ دەبێ و هەندێکی دیکەش پرچیان هێواش هێواش گەشە دەکات، بەڵام ئەو دایك و سێ کچە خاوەن درێژترین پرچن لە جیهاندا، ئافرەتەکە خەڵکی ئەمریکایە و ناوی (تیرلین راسیل)ـە و کچەکانیشی بە وەرەسە لە دایکیانەوە ئەو سیفەتەیان بۆ ماوەتەوە، ئەو ئافرەتە دەڵێ: جاران لە درێژی پرچی خۆم بێزار بووم، تا دەمشووشت دەستەکانم هیلاك دەبوون، کەچی ئێستا دەبێ (٤) جار درێژترین پرچ بشۆم، کە ئەوانیش پرچی خۆم و هەر یەکە لە (ئەنیا و ماریا و سانی)یە، کە هەفتانە زیاتر لە (١٠) شامپۆ لە پرچمان دەدەین، ئەوە جگە لە ئارایشت کردن و داهێنان و شانەکردنیش کارێکی رۆژانە و قورسە، زۆر جاریش بە منداڵەکانم دەڵێم کە قژمان ببڕین و وەك مرۆڤێکی ئاسایی بین، کەچی کچەکانم رەتی دەکەنەوە و منیش دڵم نایێ قسەیان بشکێنم و پرچە درێژەکەشیان ببڕم.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

مەرج نییە هەموو ئەنجامی کارەکانت بە دڵی خۆت بن و تێیدا سەرکەوتوو بیت. هەنگاوەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە و چاوەڕێی ئەنجامەکانیش بکە، ئەگەر ئەو کارەی کەوا بیری لێدەکەیتەوە کە کارێکی ئاسانە و سەردەکەویت، هەوڵی بۆ بدە، ئەو کەسەش لە دڵتە ماوەیەکە لە هەستی یەکتر تێدەگەن و زیاتر بایەخی پێبدە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کاتێك کێشەیەکت دەبێت، نابێت هەموو لایەنەکانی ژیانت تێکبدەی و تەنیا بیر لەو گرفتە بکەیتەوە. کەسێکی زیرەك و کارامەی، هەوڵبدە کۆنتڕۆڵی هەموو ژیانت بکەیت. کە دڵت تەنگ بوو دڵنیا بە چەندین دەرگات لە بەردەمدا دەکرێنەوە کە دەبێتە هۆی ئاسوودەیی و ئارامیت.


### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

چەند هەنگاوێکت لە بەردەمە و بە جوانی جێبەجێیان بکە، لەگەڵ کەسێکی نزیکتدا بە جوانی لە یەکتر تێدەگەن، بەڵام کەسێکی دیکەش نیازی کێشەنانەوەی بۆت هەیە. جار جارە چاودێری هەڵەکانت بکە و چارەسەریشیان بۆ بدۆزەوە. کەسێکی دڵسافیت و بە سادەیی لە هەڵەی کەسانی دیکە خۆش دەبیت.

## وتە

- ناپلیۆن پۆناپەرتی فەڕەنسی، وتەیەکی جوانی لەسەر تواناکانی مرۆڤ هەیە و دەڵێ :

ئەوەی گوتی ناتوانم کارێك بکەم، پێی بڵێ هەوڵبدات. ئەوەی گوتی لە زۆر شت نازان،م پێی بڵێ فێربێت. ئەوەی گوتی هەرگیز هەنگاوەکان نابن و ناکرین، پێی بڵێ تاقی بکەرەوە.





## داپیرە و دایک و کچی هاوشێوە!

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ: دایکە ببینە و دۆتە بخوازە، بە مانای ئەوەی کە کچان هەردەم دەچنەوە سەر شێوە و هەمان ڕەفتاری دایکیان، کەچی وادیارە ئەو کچ و دایکە حەز دەکەن بە داپیرەیان بچن، کە هەر یەکە لە داپیرە و دایکە و کچە، هەمان شێوە و جوانیان هەیە، داپیرە ناوی (گوین)ـە و تەمەنی (٦٥) ساڵە، (گیمیا)ش (٤٥) ساڵە و دایکی (لەیلا)ی (١٦) ساڵە، ئەو داپیرە و دایك و نەوەیە لە شاری لەندەنی بەریتانیا دەژین، چەندین ساڵە بەیەکەوە دەژین و هەمان جل و بەرگ و شێوەی خۆیان وەکو یەکتر لێدەکەن، زۆر کەس وادەزانن کە هەر یەکە لەوانە خوشکی یەکتر بن، بە یەکەوەش دەچنە دەرەوە و پیاسە و گەڕان، زۆر جاریش لێیان دەپرسن ئاخۆ ئەوانە خوشکن، یان دایك و کچی یەکترن؟



## بۆ زانیاریت

**- وشەی (ئەلو – Hello) !**

هەموومان کاتێك وەڵامی پێوەندی تەلەفۆن و مۆبایل دەدەینەوە، لە خۆمانەوە بۆتە نەریتێك و دەڵێین: (ئەلو-Hello)! ڕەنگە زۆربەشمان نەزانین بۆچی وادەڵێین و هەندێکیش ڕەنگە هەر نەزانین ئەو وشە مانای چییە. ئەو وشەیە ناسناوی هاوسەرەکەی داهێنەری ئامێری تەلەفۆن (گراهام بێل) ـە کە ناوی (مارگرێت هیلۆ) بووە، لەو کاتەی گراهام بێل بۆ یەکەمین جار ئامێری ڕادیۆی بە لەلەرەی شەپۆلەکانی موگناتیسی ئامادە کرد، کە لە شوێنی کارەکەیدا بەرەو دەزگایەکی تایبەت، لەو کاتەی کە کارەکەی سەرکەوتوو بوو، لە خۆشیان تەنیا ناسناوی هاوسەرەکەی هاتە سەردەم و گوتی: (هیلۆ)، دواتریش ئەو وشە بووە نەریتێك کە زۆربەی ئەوانەی تەلەفۆیان بەکاردەهێنا، هەمان ئەو وشەیەی گراهامیان دووبارە دەکردەوە، ئێستاش ئەو وشەیە بۆتە وشەیەکی فەرمی لە زمانی ئینگلیزی بە مانای (سڵاو، یان ئەو کاتەت باش)، هەروەها وشەیەکی کورتە بۆ دڵنیابوون لە بیستنی دەنگی کەسێك و گەیشتنی دەنگت بۆ کەسی بەرامبەر. هەندێکی دیکەش دەڵێن: کە وشەی (Hello) لە وشەی (HOLA) هاتووە، کە لە سەرەتای پێکردنی ئامێری مۆبایلی ئایفۆندا دەردەکەوێ، کە هۆلا، بە مانای وەستان و یان ئاگاداربە دێت، بەڵام ئەلیکساندەر بێل وشەی (ئەهۆی – Ahoy) بەکارهێناوە.



## نـوکـتـە

- جارێکیان یەکێکی نەزان لە نەخۆشی و جۆرەکانی دەچێتە لای دکتۆر، دوای پشکنین، دکتۆر پێیدەڵێت: تۆ شەکرەت لە جەستەدا زۆرە، ئەویش گوتی: بەخوا لە ماڵەوەش هەر نیو فەردە شەکر و فەردەیەك برنجمان هەیە!

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە کارێك پەشیمان مەبەوە کە بۆ بەرژەوەندی خۆت ئەنجامت داوە، گەرچی بۆتە هۆی زویربوونی کەسانی نزیکت، دەتوانی هەڵێکی دیکەیان پێبدەیت، تا ئەوان بە خۆیاندا بچنەوە و لە بەرامبەر چاکەکانی تۆدا دان بە هەڵەکانی خۆیاندابنێن، کەسێکی زیرەکی و هەستت ناسکە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ماوەیەکە لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانت بێزاریت پێوە دیارە، بەڵام نابێت ببێتە هۆکاری ڕەشبینی لە سەر هەموو کارەکانت. لەگەڵ کەسێکی نزیکدا هەست و دەروونت ئارامە و هەوڵبدە لە دەستی نەدەیت، کەسانێك بەلایانەوە ئاساییە خەڵکی بشکێننەوە، بۆیە خۆت لەو جۆرە کەسانە بەدوور بگرە.

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەرکەکانت ماندووت دەکەن و تۆش بە هەموو تواناتەوە هەوڵی باشتریان بۆ دەدەیت. ئەو کەسەی ماوەیەکە دەیەوێ لێت نزیك ببێتەوە، ڕێگەی بدە و بزانە ئامانجی چییە، پاشان سنووری بۆ دیاری بکە، ئەوانەی ئێستا هەتە لە ژیانت قەدریان بگرە و لە دەستیان مەدە، دڵ و دەروونت ئارام بکە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

نابێ ڕەشبینی وات لێ بکات کە دەستبەرداری هەموو کارەکانت بیت، هەوڵبدە بەردەوام ئەرکەکانت جێبەجێ بکەیت و هەنگاوەکانی ڕۆژانەشت فەرامۆش نەکەیت. ڕاستە لەکارەکەی ئێستات ماندوویت، بەڵام ئەو کارەی ئێستات بەدەستتەوەیە شایستەی هەموو ماندووبوونێکە و سەرکەوتنیشی بۆت دەبێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بڕیاری لە ناکاو وادەکات ئەنجامەکانی بە دڵت نابن. دەبێ سەرەتا بیر لە داهاتووی کارەکانت بکەیتەوە، دواتر هەنگاو بنیت. ئەو ماوەیە دڵتەنگیت پێوە دیارە و بە ساتێکی ناخۆشدا تێدەپەڕی، داوای یارمەتی لە نزیکترین کەست بکە بۆ چارەسەری و هەوڵی زیاتر بدە بۆ ئەوەی ژیانی خۆت باشتر بکەیت و لەو کێشانە ڕزگارت بێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

خەم خواردن و ئەزیەتدانی خۆت بە هیچ ئامانجێکت ناگەیەنێت، پێویستیت بە ماوەیەك پشوودان هەیە. ئەگەرچی کارەکانت قورسە و بێزاری، بەڵام دەبێ زیاتر تەحەمولیان بکەیت، ئەوەش بزانە لە ماوەیەکی کورت کێشەکانت چارەسەر دەبن. کەسێکی ژیر و لێهاتووی، بەڵام بەختت بەردەوام یاوەرت نییە.

## سمۆرە لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە!



ڕەنگە لەلات سەیر بێت ئەگەر ئەو وێنانە ببینیت، ئاخۆ چۆن سمۆرە دەتوانێت ئەو کۆمەڵە کارە بکات، تەنانەت سمۆرەکە ڕاستەقینەیە و عەرەبانەی بازاڕکردنی هەیە. ئەو بیرۆکەیە کاری وێنەگرێکی سویسرییە بە ناوی (گیدۆ واکر) کە وێنەی سمۆرەیەکی گرتووە کە لاسایی چەندین کاری ڕۆژانەی مرۆڤ دەکاتەوە، وەك بازاڕکردن و شت کڕین و خواردن، چۆتە کۆمپانیای دروستکردنی کەرەستە و یاری منداڵان، داوای ئەو کەل و پەلە بچووکانەی کردووە و دواتریش وێنەکانی گرتوون.



## کاریکاتێر

- لەم وێنەیەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەڵکانێك هەن، نایانەوێ لە دەرگای ڕاستەقینەوە کە بۆیان کراوەتەوە، ژیان ببینن، بەڵکو خۆیان بە کۆشەی تەسك و چەڵەمەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی ئینتەرنێتەوە خەریك کردووە.





**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەستت ئەوەندە بەرزە ئامادەی قوربانی بدەیت لە پێناو کەسانی دیکە، هەر ئەوەیە وای لێت کردووە خۆشەویست و گەورەی هەموان بیت. ئەو هەوڵانەی ئێستا ئەگەرچی بە ئەنجامەکانی ناگەن، بەڵام لە داهاتوودا دەتحەسێنێتەوە و بە باشە بۆت دەگەڕێنەوە. لە تووڕەبوون و هەڵچوون خۆت بە دوور بگرە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

پێشبینییەکانت با بەرەو کاری باش و گەشبینی بێت، ئەوەندە سەرزنشتی کەسانی دیکە مەکە و خۆشت هەڵەت هەن، کەسایەتیت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر ناگونجێ، چونکە تۆ جوانتر بیر دەکەیتەوە و ئەوانیش لێت تێناگەن، هەوڵبدە خۆت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و نزیکت بگونجێنیت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بڕوات بە داهاتووت هەبێت و لە ئێستاوە خۆت بە هەنگاوە شاراوەکان خەریك مەکە. ئەو کەسەی ماوەیەکە لەگەڵ یەکن و لەگەڵ یەکتر دڵخۆشن، مەهێڵە بەهۆی چەند کارێکی سادەوە لە دەستت بچێت، کارەکانت بە ئاڵۆزی وەرمەگرە و ژیرانە مامەڵیان لەگەڵدا بکە.